# مانگرتن و خۆپیشاندانی خەڵکی کەلاریش بە دەستڕێژی گوللە وەڵام درایەوە

ئەمرۆ 9\8 سەرجەم دوکان و بازار لە کەلار داخرا و مانگرتنی گشتی دەستی پیٚ کرد و خۆپیشاندان لە گەڕەکەکان و ناو بازاری کەلار بە تایە سوتاندن و دانانی دار و بەرد بۆ بەستنی ڕێگاو بانەکان درێژەی کێشاو سەرە نجام تێکهەلچوون لە نێوان خەڵك و هێزە سەرکوت گەرەکانی یەکێتی نیشتمانی رووی دا و لاوێك بە ناوی ئاریان مەحمود گیانی لەدەستدا بە دەیان کەس بریندار بوون یا دەسگیر کران .

ئەم خۆپیشاندانە لە سەر بانگەوازی کۆمەڵەی بە مەدەنی کردنی کەلار ئە نجام درا . ئەگەر چی مەسولی ئەم کۆمەلەگەڵ چەندین لاوی چالاکی ئەم کۆمەڵە رۆژیٚ پێشتر لە لایەن هێزە سەرکوت گەرەکانەوە دەسگیر کراون و هەتا ئێستاش لە زینداندان بۆ بەر گرتن لە ڕوودانی ئەم نارەزایتیە ئەم کارە ئە نجام درا بەڵام ئەمە نەیتوانی خەڵکی ئەم شارە بترسێنی.

ئەم نارەزایەتی یە جەماوەریەی کەلار درێژەی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە ی ترە کە خەلکی کوردستان لە دژی گەندەڵی و نابەرابەری دەسەڵاتی ئەحزابی کوردایەتی و نەبوونی کارەبا و ئاو و سووتەمەنی ونەبوونی خزمەت گوزاریەکان و نەبوونی ئازادی کە لە ماوەی مانگێکدا دەستی پیٚ کردووە تا ئێستا چەندین شار و شارۆچکەی گرتوەتەوە لەوانە شاری سلێمانی و کفری و چەمچەماڵ و دەربەند یخان و زەرایەنی سەر بە هەڵە بجەی تازە و کەلار وە هەروەها ئەمە درێژەی ئەو نارەزایەتیا نەی خەڵکی کوردستانە کە ماوەیەك پێش ئێستا دەستی پیٚ کردو چەندین شار و شارۆچکەی گرتەوە وەك ئاکریٚ و زاخۆ و رانیەو هەڵە بجە و چوار قورنە ..هتد

یەکیٚ لەو خاڵە گرنگانەی کە بووەتە هۆی بەردوامی ئەم نارەزایەتی یانە نەمانی باوەر و متمانەیە بە وەعدە و بەڵێنی سەرانی ناسیونالیستی کورد وە خرا پتر بوونی باری ژیانی خەڵك لە هەموو ڕوویەکەوە.ئەحزابی ناسیونالیستی کوردستان لە جیاتی وەڵام بە بە دی هاتنی داخوازی یەکان خەڵکی کوردستان کوشتن و بریندار کردنی دەیان کەس و زیندانی کردنی سەدان کەس وەڵامیان بووە کە بە قەولی ووتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم تا ئێستا 140 کەسیان لە زینداندا ماونەتەوە , ئەمە ئەگەر سەرکوت نەبیٚ دەبیٚ چیتری ناو لێبنریٚ بۆیە جێی خۆیەتی بەم حکومەتە بووتریٚ سەرکوت گەر .

دەبیٚ بکوژانی ئاریان مەحمود دادگای بکرێن .

بژی خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ بەدی هێنانی داخوازیەکانیان

ئازادی بیٚ قەیدو شەرت بۆ دەسگیر کراوەکان

سەردارعەبدوڵا حەمە ( سە نوسەری بڵاو کراوەی بەرە و سۆشیالیزم )

2006\8\9